سەرۆک کۆمار: خەمخۆری بۆ بنەماڵەی شەهیدان و قوربانیان لە پێشینەی کارەکانمانە

سەرۆک کۆمار لە میانەی دیدارێکیدا لەگەڵ کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی دەستی تیرۆر دوپاتیکردەوە، کە قوربانیدانی عیراقییەکان لە شەڕی دژی تیرۆردا، لە یادەوەری مێژوودا دەمێنێتەوە. نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک کۆمار لەراگەیێندراوەکدا باویکردەوە سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید ئەمڕۆ سەشەممە 23-1-2024 لە کۆشکی بەغداد پێشوازیکرد لە وەفدێکی دامەزراوەی (قەنادیل ئەلڕەحمە) بە شەهیدان و قوربانیانی دەستی تیرۆر.

لەدیدارەکەدا، سەرۆک کۆمار جەختیکردەوە، کە قوربانیدانی عیراقییەکان لە شەڕی دژی تیرۆردا، لە یادەوەری مێژوودا دەمێنێتەوە بەوپێیەی پایەی بنەڕەتی ئەو ئاسایش و سەقامگیرییەیە، کە ئێستا وێات بەخۆوەدەبینێت. هەروەها دوپاتیکردەوە، خەمخۆریی بۆ قوربانیدەران و کەسوکاری شەهیدان لە پێشینەی کارەکان و گرنگیدانی سەرۆکایەتی کۆمار بەم بەشە بەخشندەیی وێات.

هەروەها بەڕێزیان تیشکی خستەسەر بایەخی بەدواداچوون بە دەرکردنی ڕێنماییەکان سەبارەت بە یاسا و بڕیارە پێیوەندیدارەکان بەم بەشەی کەمەگە لە لایەن لایەنە پێیوەندیدارەکان بەمبەستی دەنیابوون لە دابینکردنی ژیانێکی ئازاد و شکۆمەندانە بیان وەک وەفایەک بە ئەوەی پشکشیانکردووە بەمبەستی

بەدەستهێنانی سەرکەوتن بەسەر گروپە تیرۆریستییەکاندا.

هەروەها سەرۆک کۆماری گوێبیستی رونکردنەوەی ئەندامانی وەفدەکە گرت سەبارەت بە کارەکانی دەزگای (قەنادیل ئەلەحمە) و بەرنامەکانی بە بەدەنگەوەچونی بنەماڵەی شەهیدان و قوربانیان و ئەو ئاستەنگانەی لەبەردەم سەرخستنی کارەکانیاندا هەیە. وەفدەکە پێشیی بەڕێز سەرۆک کۆماری بە گرنگیپێدان بەو چینە قوربانیدەرە، بەرزنرخاند.